# فەرەنسا هەموو شتێکی لە مۆن




**پێش دەستپێکردنی مۆندیال کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد هەڵبژاردەی فەرەنسا بەمشێوەیە ماڵئاوایی لە مۆندیال بکات، تەنیا یەك خاڵ و گۆڵێك تۆمار بکات، هەرچەندە لە مۆندیالی ٢٠٠٦ گەیشتە یاری کۆتایی مۆندیال، بەڵام ئەوەی لە باشووری ئەفریقیا رووی دا جێگەی سەرسوڕمان و داخ بوو، چونکە وڵاتێك خاوەنی میشیل پلاتینی و زینەدین زیدان بێت بەمجۆرە ماڵئاوایی لە مۆندیال بکات، ئەمە جێگەی شەرمەزارییە.**

### سەرەتای کێشەکان

کاتێك یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا پێش دەستپێکردنی مۆندیال هەواڵێکی بڵاوکردووە باس لەوە دەکات کە ریمون دۆمەنیك دوای کۆتایی هاتنی یارییەکانی مۆندیال لە پۆستەکەی نامینێت و لۆران بلان دەبێتە راهێنەر، ئەم بڕیارەی یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا بووە هۆکاری دروستبوونی کێشە لە هەڵبژاردەی فەرەنسا، چونکە ئەگەر یاریزانەکان لە مۆندیال هەر شتێك بکەن ئەگەر سزاش بدرێن لەلایەن راهێنەر، ئەوە دوای کۆتایی هاتنی مۆندیال راهێنەر دەگۆڕدرێت و هیچ کاریگەرییەکی نابێت، دوای ئەوەی هەڵبژاردەی فەرەنسا چەندین یاری دۆستانەی ئەنجام دا، کە زۆربەیان تووشی شکست هات و ئاستی وەکو پێویست نەبوو، دواتر هەڵبژاردەی فەرەنسا گەیشتە باشووری ئەفریقیا و تووشی کێشەیەکی تر بوو لەگەڵ حکومەتی فەرەنسا.

کاتێك حکومەتی فەرەنسا رەخنەیەکی توندی لە یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا گرت، چونکە هەڵبژاردەی فەرەنسا لە هۆتێلێکی گران بەها نیشتەجێ بووینە و زیان بە باری دارایی حکومەتی فەرەنسا دەگەیەنێت.

### کێشە لەسەر نیشانەی کاپتن

هەموو چاودێرانی وەرزشی پێشبینی ئەوەیان دەکرد، کە ویلیام گالاس ببێتە کاپتنی هەڵبژاردەی فەرەنسا، چونکە خاوەن ئەزموونە و ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا یاری دەکات، کەچی ریمون دۆمەنیك بڕیاری دا پاتریس ئیڤرا ببێتە کاپتنی هەڵبژاردەی فەرەنسا، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی لە نێوان ویلیام گالاس و ریمون دۆمەنیك دروستکرد، تا رادەیەك ویلیام گالاس لە لێدوانەکانیدا تەئکیدی لەوە کردەوە کە لە نێو یاریگە بڕیارەکانی دۆمەنیك جێبەجێ ناکات، ئەمەش لە یارییەکانی فەرەنسا روویدا.

### کێشەی دۆمەنیك لەگەڵ رۆژنامەنووسەکانی فەرەنسا

راهێنەری هەڵبژاردەی فەرەنسا ریمۆن دۆمەنیك بڕیاریدا لە کۆنگرە رۆژنامەوانیەکان بە هیچ شێوەیەك وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسەکانی فەرەنسا نەداتەوە و رێگە بەم رۆژنامەنووسانە نەدات ئامادەی مەشقەکانی هەڵبژاردەی فەرەنسا ببن، چونکە ئەم رۆژنامەنووسانە رەخنەیان لە دۆمەنیك گرتبوو بەوەی بە راهێنەرێکی خراپ ناوزەندیان کردبوو، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی کێشەیەکی گەورە لە نێوان هەردوولا.

### کێشەی خێزانی ریبیری

دوای ئەوەی هەڵبژاردەی فەرەنسا یەکەم یاری خۆی دژی هەڵبژاردەی ئۆرگوای ئەنجامدا، یارییەکە بە یەکسانبوونی هەردوو هەڵبژاردە تەواو بوو، بەڵام رۆژنامەکانی فەرەنسا وێنەیەکی وهیبە بلهامی کە بە رەگەز جەزائیرییە و دەکاتە خێزانی فران ریبیری بڵاوکردووە، کە لەو یارییە درێسی ژمارە ٧ی فرانك ریبیری لەبەر کردبوو لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاڵای جەزائیر، ئەمەش بووە هۆی نیگەرانی خەڵکی فەرەنسا و رۆژنامەکانی فەرەنسا و رەخنەیەکی توندیان لە وهیبە گرت و داوایان لێکرد ئاڵای فەرەنسا بەرزبکاتەوە، چونکە ریبیری لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا یاری دەکات، نەوەك جەزائیر.

### دوورخستنەوەی ئەنێلکا

کاتێك گێمی یەکەمی یاری هەردوو هەڵبژاردەی فەرەنسا و مەکسیك بە یەکسانبوونی هەردوو هەڵبژاردە تەواو بوو، لە ژووری خۆ گۆڕینی یاریزانەکان کێشەیەك لە نێوان ریمون دۆمەنیك راهێنەر و نیکۆلاس ئەنێلکا-ی یاریزان رووی دا، کاتێك دۆمەنیك داوای لە ئەنێلکا کرد، کە شوێنی خۆی لە نێو یاریگا بە جێنەهێڵێت، لە بەرامبەردا ئەنێلکا چەند وتەیەکی ناشیرینی ئاراستەی دۆمەنیك کرد و لەگەڵ دەستپێکردنی گێمی دووەم دۆمەنێك یاری بە ئەنێلکا نەکرد، دواتر ئەم هەواڵە لە رۆژنامەکانی فەرەنسا بڵاوبووە و یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا داوای لە ئەنێلکا کرد بە فەرمی و لە بەرامبەر رۆژنامەکانی فەرەنسا داوای لێبوردن لە ریمۆن دۆمەنیك بکات، بەڵام ئەنێلکا ئەم داوایەی قبوڵ نەکرد و لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی فەرەنسا دوورخرایەوە و گەڕایەوە لەندەن.

ئەم رووداوە بووە جێگەی نیگەرانی گشت یاریزانەکان و تەئکیدیان لەوە کردەوە کە کەسێك ئەم هەواڵەی لە ژووری یاریزانەکان بۆ رۆژنامەکان بڵاوکردۆتەوە.

### یاریزانەکان مەشق ناکەن

دوای دوورخستنەوەی ئەنێلکا لە هەڵبژاردەی فەرەنسا بۆ رۆژی دواتر لە کاتی ئەنجامدانی مەشقی رۆژانە شەڕێکی گەورە لە نێوان پاتریس ئیڤرا و راهێنەری لێهاتووی جەستەیی هەڵبژاردەی فەرەنسا رووی دا، دواتر یاریزانەکان بڕیاریاندا مەشقی




## ...دیال دۆڕاند

ڕۆژانەی خۆیان ئەنجام نەدەن، ئەمەش وەکو پاڵپشتێك بۆ ئەنێلکا هەرچەندە ریمون دۆمەنیك ماوەی ٤٥ خولەك لە نێو پاسی هەڵبژاردەی فەرەنسا کۆبوونەوەی لەگەڵ یاریزانەکان ئەنجام دا، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو.
ئەم ڕووداوە بووە هۆی دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێوەبەری وەرزشی لە یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا لە کارەکەی و هەروەها سەرۆکی فەرەنسا سارکوزی بە پەلە وەزیری تەندروستی و وەرزشی فەرەنسای ڕاسپارد لە باشووری ئەفریقیا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، کە لە مێژووی تۆپی پێی فەرەنسا ئەمجۆرە کێشانە ڕووی نەداوە، بۆیە لە یاری سێیەم ریمۆن دۆمەنیك وەکو سزایەك بۆ یاریزانەکان زیاتر لە ٧ یاریزانی سەرەکی لە یارییەکە یاری پێنەکرد، یەکێك لەم یاریزانانە پاتریس ئیڤرای کاپتن بوو.
دوای کۆتایی هاتنی یاری هەردوو هەڵبژاردەی فەرەنسا و باشووری ئەفریقیا، کارلۆس ئەلبێرتۆ پارێرا ڕاهێنەری هەڵبژاردەی باشووری ئەفریقیا چووە لای ریمون دۆمەنیك بۆ ئەوەی سڵاوی لێبکات، بەڵام دۆمەنیك ڕەتیکردەوە و بووە کێشەیەك لەگەڵ کارلۆس ئەلبیرتۆ پاریرا، ئەمەش بووە جێگەی سەرسوڕمانی گشت چاودێران، بەڵام هۆکاری ئەم کارەی دۆمەنیك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پێش دەستپێکردنی یارییەکە کارلۆس ئەلبێرتۆ پاریرا لە لێدوانێکیدا تەئکیدی لەوە کردبووەوە کە هەڵبژاردەی فەرەنسا و ریمون دۆمەنێك شایستەی ئەوە نینە کە لە مۆندیال بەشداری بکەن.

# سەیر و سەمەرەکانی مۆندیال

**کاتێك جامی جیهانی لە باشووری ئەفریقیا دەستی پێکرد، گوێبیستی چەندین شتی سەیر بووین، چونکە هەموو جیهان سەیری ئەم ڕووداوە گرنگانە دەکات و هەر کەسێك هانی هەڵبژاردەکەی خۆی دەدات لەم مۆندیالە، ئەمەی خوارەوە چەند ڕووداوێکی سەیر و سەمەرەیە کە لە جیهان ڕوویداوە.**

* لە وڵاتی باشووری ئەفریقیا ژنێك بە یارمەتی کوڕەکە و کچەکەیەوە مێردەکەی تەمەن ٦١ ساڵی کوشت، چونکە ژنەکە و منداڵەکانی حەزیان دەکرد سەیری بەرنامەیەکی مۆسیقا بکەن، بەڵام پیاوەکە سەیری یاری ئەڵمانیا و ئوستراڵیای دەکرد، هەرچەندە چەندین جار خێزانەکەی داوای لێکردووە کە کەناڵەکە بگۆڕێت، بەڵام پیاوەکە هەر بەردەوام دەبێت لە سەیرکردنی یارییەکەی ئەڵمانیا و ئوسترالیا، ئەمەش دەبێتە هۆکاری توڕەبوونی ژنەکەی و لەگەڵ منداڵەکانی پیاوەکەی دەکوژێت، دواتر سەیری پرۆگرامەکەی خۆیان دەکەن.

* لەگەڵ دەستپێکردنی یارییەکانی مۆندیال لە وڵاتی جەزائیر چەند ڕووداوێکی سەیر ڕوویدا، کاتێك هەڵبژاردەی جەزائیر یاری دەبێت، ئەم وڵاتە هەموویان سەیری یارییەکان دەکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو پێش دەستپێکردنی یاری هەردوو هەڵبژاردەی جەزائیر و ئینگلتەرە دوو هاووڵاتی جەزائیر ئۆتۆمبێلی خۆیان سووتاند، چونکە تووشی دڵەڕاوکێ ببوون لەبەر ئەنجامی یارییەکە لەوە دەترسان هەڵبژاردەکەیان لەم یارییە تووشی دۆڕانێکی قورس بێت و ماڵئاوایی لە مۆندیال بکات، ئەمە گیانی نەتەوەییە!

* لە وڵاتی تونس شتێکی زۆر سەیر ڕوویدا، هەرچەندە ئەم وڵاتە بەشداری لە یارییەکانی مۆندیال ناکات، بەڵام زۆر بە پەرۆشەوە سەیری یارییەکان دەکەن، لە کاتی یاری هەردوو هەڵبژاردەی جەزائیر و سلۆڤینیا پیاوێکی تونسی داوای لە خێزانەکەی کردبوو کە دوو گیانە، ئەگەر کاتی منداڵ بوونی هات دەبێت بە تەنیا بچێتە نەخۆشخانە و ئەو ئامادە نییە بیباتە نەخۆشخانە، چونکە سەیری یارییەکەی جەزائیر و سلۆڤینیا دەکات.






## ٣٥٠ پیتزا بەرامبەر هەر گۆڵێک لە فەرەنسا تۆمار بکرێت

دوای ئەوەی هەڵبژاردەی فەرەنسا لە یارییەکانی پاڵاوتن لە شوێنی هەڵبژاردەی ئێرلەندە سەرکەوت بۆ مۆندیال-ی ٢٠١٠ دوای ئەوەی فەرەنسا لەم یارییە گۆڵێکی بە دەست تۆمار کرد، هەڵبژاردەی فەرەنسا لە مۆندیال لە قۆناغی یەکەم ماڵئاواییان لە جامی جیهانی ٢٠١٠ کرد، ئەمەش بووە جێگەی خۆشحاڵی گشت ئێرلەندییەکان.

بۆیە ریستورانتی (پیتزا هیت)ی بەناوبانگ، کە لقێکی لە ئێرلەندە هەیە بڕیاری دابوو لە یارییەکانی فەرەنسا هەر هەڵبژاردەیەك گۆڵ لە فەرەنسا تۆمار بکات ٣٥٠ پیتزا بە خۆڕایی لەسەر خەڵکی ئێرلەندە دابەش بکات، ئەم کاری پیتزا هێت بووە جێگەی نیگەرانی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی و داوایکرد ئەمجۆرە کارانە دووبارە نەبێتەوە، چونکە خزمەتی بواری تۆپی پێ ناکات.

ئەگەر چوار گۆڵ جارانی ٣٥٠ پیتزا بکەین ئەوە دەبێتە ١٤٠٠ پیتزای بە خۆڕایی لەسەر خەڵکی ئێرلەندە دابەش کردووە و هەر پیتزایەك بە ٦ دۆلارە واتە ٨٤٠٠ دۆلاری زەرەر کردووە لە ماوەی دوو هەفتەدا.



## دایکی دۆمەنیک داوای چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنێلکا دەکات

دوای ئەوەی نیکۆلاس ئەنێلکا چەند وتەیەکی دوور لە گیانی وەرزشی ئارستەی راهێنەری هەڵبژاردەی فەرەنسا ریمۆن دۆمەنیك کرد، ئەمەش بووە هۆکاری دوورخستنەوەی ئەنێلکا لە هەڵبژاردەی فەرەنسا.

لە لێدوانێکیدا بۆ تەلەڤزیۆنی (RTL)ی فەرەنسی جیرماین تەمەن ٨٠ساڵ دایکی ریمۆن دۆمەنیك راگەیاند کە حەز دەکات چاوی بە نیکۆلاس ئەنێلکا بکەوێت تاکو بزانێت هۆکاری ئەم وتانە بۆ چی دەگەڕێتەوە و جێرماین لە درێژەی قسەکانیدا وتی: دەمەوێ ئەنێلکا ببینم تاکو بۆچوونی دایك بۆ ئەنێلکا باس بکەم و دەبێت کاردانەوەی دایکی چۆن بێت ئەگەر لە شوێنی من بێت، ئەگەر ئەنێلکا دایکی هەبێت!

ئەمە جێگەی داخە کەسێك بەم شێوەیە سەرکۆنە بکات، قسەم لەگەڵ دۆمەنیك کردوو زۆر نیگەرانە بەمکارە.

جێگەی باسە بەپێی هەواڵەکان ئەنێلکا بڕیاری دا بە یەکجاری واز لە یاریکردنی نێودەوڵەتی بهێنێت، دوای ئەم رووداوە.

## زۆرترین گەشتیارەکانی باشووری ئەفریقیا لە وڵاتە دراوسێکانە

بە پێس دواین ئامار، کە حکوومەتی باشووری ئەفریقیا بڵاوی کردووە باس لەوە دەکات، کە لە کاتی دەست پێکردنی مۆندیال زیاتر لە ٦٨٢ هەزار گەشتیار سەردانی باشووری ئەفریقیا-ن کردووە و زۆربەی گەشتیارەکان لە وڵاتە دراوسێکانی باشووری ئەفریقیا هاتوون وەکو وڵاتەکانی لیسۆتۆ و زیمبابۆی و مۆزمبیق و بۆتسوانا و سوازیلاند.

هەروەها زۆرترین گەشتیار جگە لە وڵاتەکانی ئەفریقیا، کە سەردانی باشووری ئەفریقیا-یان کردووە لە وڵاتەکانی ئەڵمانیا و ئەمەریکا و بەریتانیا و مەکسیك و بەرازیل و ئوستراڵیا هاتوون.

حکوومەتی باشووری ئەفریقیا تەئکیدی لەوە کردووە، کە لە قۆناغەکانی داهاتوو چاوەروان ئەوە دەکەین، کە ژمارەیەکی زۆرتر لە گەشتیارەکان سەردانی باشووری ئەفریقیا بکەن.






# دوو برا لە دوو هەڵبژاردەی جیاواز

لە بواری تۆپی پێ زۆر شتی سەیر و سەمەرە دەبینین و دەبیستین، کاتێك سەیری یاری یانەکانی ئەوروپا یاخود یارییەکانی تر دەکەین زۆر ئاساییە دوو برا لە دژی یەك یاری بکەن یاخود لە یەك یانە یاری بکەن، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە دوو برا لە دوو هەڵبژاردەی جیاواز یاری بکەن لە دژی یەکتر، ئەمە روویدا کاتێك هەردوو هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و گانا رووبەرووی یەکتر بوونەوە لەو یارییە کیڤن برنس بواتینگ لە هەڵبژاردەی گانا یاری دەکرد و جیرۆم بواتینگ لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا یاری دەکرد، ئەمەش بووە جێگەی سەرسوڕمانی چاودێرانی تۆپی پێ.

هەرچەندە هەردوو یاریزان لە وڵاتی ئەڵمانیا لە شاری بەرلین لە باوکێك، کە بە رەگەز خەڵکی گانایە لە دایکێکی ئەڵمانی لە دایك بووینە، بەڵام یاریزان جیرمی بواتینگ تەمەن ٢١ساڵ بڕیاری دا لە ریزی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا یاری بکات، ئەم یاریزانە لە هێڵی بەرگری یاری دەکات و درێژی ١٩١سم و لە یانەی هامبۆرگ یاری دەکات.

لە بەرامبەردا یاریزان کیڤن برنس بواتینگ لە شاری بەرلین لە ئەڵمانیا لە دایکبووە هەرچەندە لە گشت هەڵبژاردەکانی ئەڵمانیا یاریکردووە تەنیا هەڵبژاردەی یەکەم نەبێت، بەڵام لە دوا ساتەکان بڕیاریدا بۆ هەڵبژاردەی گانا یاری بکات، ئەم یاریزانە تەمەن ٢٣ ساڵە لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات و لە یانەی بۆرتسمۆس لە خولی ئینگلتەرە یاری دەکات، ئەم یاریزانە بووە هۆکاری دوورخستنەوەی یاریزان مایکل باڵاك لە مۆندیال کاتێك لە یاری کۆتایی جامی ئینگلتەرە بالاك تووشی پێکان هات.

# سێ برا لە هەڵبژاردەی هندۆراس یاری دەکەن

هەڵبژاردەی هندۆراس بۆ جاری دووەم بەشداری لە یارییەکانی جامی جیهانی دەکات، ئەمجارە لە هەڵبژاردەی هندۆراس ئەوەی تێبینی دەکرێت سێ برا لەم هەڵبژاردەیە یاری دەکەن و وەکو یەکەمین جار ئەم دیاردەیە زۆر بە کەمی لە هەڵبژاردەکان بەدی دەکرێت، ئەم سێ برایە ناوەکانیان (جیری بالاسیوس، جۆنی بالاسیوس و ویلسۆن بالاسیوس)ە.

جیری لە خولی چین لە یانەی گرینتاون لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات و تەمەنی ٢٨ ساڵە، لە بەرامبەردا یاریزان جۆنی لە خولی هندۆراس لە هێڵی بەرگری یاری دەکات و تەمەنی ٢٤ ساڵە و یاریزان ویلسۆن لە یانەی تۆتنهام لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات و تەمەنی ٢٥ ساڵە، بەڵام ئەم بنەماڵەیە تەنیا ئەم سێ برایە نینە، بەڵکو برایەکی تریان بە ناوی ومیلتۆن هەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٦ لەگەڵ هەڵبژاردەی هندۆراس بەشداری لە یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠٠٦ کرد، بەڵام ئەم بنەماڵەیە تووشی کارەساتێکی ناخۆش بوون کاتێك باندێك ئەدوینی تەمەن ١٨ ساڵەی برا بچووکی ئەم یاریزانانە دەرفێنن و داوای پارە دەکەن هەرچەندە پارە وەردەگرن، بەڵام ئەدوین دەکوژن.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەدوین پێش رفاندنی لە ریزی هەڵبژاردەی لاوانی هندۆراس یاری دەکرد.

بۆیە ئەم سێ برایە لە لێدوانێك تەئکید لەوە دەکەونەوە، کە هەر شتێك بە دەست بهێنین پێشکەشی ئەم برا بچووکەیان دەکەن.



## شنیا شێرکۆ:

# نازانم بۆ پاڵەوانیەتییەکان لەکاتی خوێندن بەڕێوەدەچن

**شنیا یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یاری باڵە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، ماوەی چەند ساڵێکە لە ریزی یانەی برایەتی و پەروەردەی کۆیە یاری دەکات، لە خولەکانی کوردستان شنیا بە ئاستە بەرزەکەی توانی سەرنجی زۆربەی هەوادارانی یاری باڵە بۆخۆی رابکێشێ، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٩١ی شارۆچکەی کۆیەیە و لە هەمانکاتیشدا قوتابی کۆلێژی ئەندازیاری بەشی تەلارسازییە لە زانکۆی سەلاحەدین، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

*** سەرەتای دەستپێکردنی وەرزشیت چۆن بوو؟**

- سەرەتا کە هاتمە نێو بواری وەرزشییەوە لە قوتابخانەکانەوە بوو بە یاری گۆڕەپان و مەیدان. لە یاری بازی بەرز دواتر لە ساڵی ٢٠٠٦ دەستم پێکرد راستەوخۆ لەگەڵ دامەزراندنی تۆپی باڵەی یانەی برایەتی هاتمە ریزی یانەکە و ئەم یارییەم هەڵبژارد و تاکو ئێستاش لێی دانەبڕاوم.

*** یاری باڵە لە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی لە چ ئاستێکدایە؟**

- لەچاو ساڵانی پێشوو ئێستا بەرەو پێشچوونێکی باشی بەخۆیەوە بنیوە، ئێستا یانەکان زۆربەیان تیپی باڵەیان دروستکردووە، ئاستی یارییەکەش رۆژ بە رۆژ لە بەرەوپێشچوونە.

*** ساڵێك خۆئامادەکردن بۆ پاڵەوانێتیکی پێنج رۆژی تۆ ئەمکارە بە رەوا دەزانی بۆبەرەوپێشچوونی ئەم یارییە؟**

- نەخێر بە هیچ جۆرێك بەڕەوای نابینم، زۆربەی پاڵەوانەتیەکان لە کاتی خوێندن بەڕێوە دەچن، ئێستاش زۆربەی یاریزانەکان قوتابی کۆلێژ و خوێندنگاکانن، کێشەیان بۆدروست دەبێت، پێویستە خولەکانیش ماوەکەیان زیاد بکرێت، نەك بەم شێوەیەی ئێستا بەچەند رۆژێك ئەم خولە گەورەیە کۆتایی پێبهێنرێت، پێویستە خولەکەش لە کات و ساتی پێویست ئەنجام بدرێت.

***وەکو یاریزانێك بۆ بەرەوپێشچوونی یاری باڵە لە کوردستان چی بکرێت باشە؟**

- بۆئەوەی خولەکان سەرکەوتوو بن، پێویستە پاڵەوانەتیەکان لە پشووی هاوین ئەنجام بدرێن،خولی زۆر و بەردەوام بکرێنەوە، لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندن بۆ یاریزانانی کچ بۆئەم یارییە.

*** کێشەوگرفتان چیە لەم یارییە؟**

- وەکو یاریزانانی یانەی برایەتی هیچ کێشەیەکمان نییە، چونکە دەستەی کارگێڕی یانەکە پشتگیری تەواومان دەکەن، بەڵام کێشەی نەبوونی هۆڵمان هەیە.

*** مەشقەکانتان لە شاری کۆیەیە، بارەگای یانەکەشتان لە شاری هەولێرە، ئایا کێشەتان بۆ دروست نابێت؟**

-بەڵێ کێشەمان هەیە ئەویش تەنیا لە رووی نەبوونی یاریگایەکی تایبەت بەخۆمانە، ئێمەش هەموو یاریزانەکانمان لە شاری کۆیەین و خەڵکی ئەو شارەین، ئەگەر یاریگایەکی تایبەت بەخۆمان هەبێت ئەوە بۆ ئێمە زۆر باشتر دەبێت.

*** لە دوو خولی نایابی کوردستان و عێراق بەشداریت کردووە، کامەیان بەهێزتربوو؟**

- خولی عێراقی بەهێزترە، چونکە ئاستی تیپەکانیان زۆربەرزە و یاریزانەکانیش بەهەمان شێوە،خولی کوردستانیش بەهێزە، بەلام بەم شێوەیە نییە.

*** ئاستی راگەیاندنەکان چۆنە لە گرنگیدان و چۆنیان هەڵدەسەنگێنیت؟**

- باشە، بەڵام هەندێك رۆژنامەنووس لە ئاستی پێویست نین، بۆنموونە لە پاڵەوانەتیەکان تەنیا لە یاری دەستپێك و کۆتایی پاڵەوانەتیەکە ئامادەی یارییەکان دەبن، ئەمەش کاریگەری خۆی لەسەر ئاستی یاریزانان دەبێت.

*** کەموکوڕییەکانی خولی نایابی کوردستان لەچی بەدی دەکەیت؟**

- پێم باشە لە خولی کوردستان لە هەفتەی (یەك) یاری بەڕێوە بچێت، نەك هەموو یارییەکان بەیەکەوە بە زووترین کات ئەنجام بدرێن، بۆئەوەی بتوانین مەشقێکی باش بکەین و خولەکەش بەهێزتر دەبێت.

*** قوتابی بوونت لە کۆلێژ رێگریت لێناکات لە وەرزش کردنت؟**


- تا رادەیەك کاریگەری بەسەر خوێندنم هەیە، بەڵام پرۆگرامێکی تایبەتم بۆخۆم داناوە، چونکە خولیای وەرزش کردنم بۆیە ناهێڵم کاریگەری بەسەر خوێندنمەوە هەبێت.

*** راستە چەند یانەیەك داوایان لێکردی یارییان بۆبکەی؟**

-بەڵێ، بەڵام بەهیچ جۆرێك بیرم لە جێهێشتنی یانەی برایەتی نەکردۆتەوە، چونکە لەو یانەیە پەروەردە بوویمە.

*** لە هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشت نەکراوی؟**

-نەخێر تاکو ئێستا ئەو درفەتەم بۆنەڕخساوە تاکو درێسی هەڵبژاردەی عێراق بپۆشم.









بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514021
Email: sport@gulan-media.com

# جیهان سەیری مۆندیال دەکات


هەولێر


کۆریای باشوور



ئینگلتەرا



ئەڵمانیا


سەربازەکانی ئینگلتەرا و ئەمەریکا



ئیتاڵیا


کاسبکارانی نێجیریا


قوتابیەکانی کۆستەریکا